# چارەنووسی باشووری کوردستان و رۆڵی میدیای کوردی

هشام ئاکرەیی

تاوەکوو ئێستا نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە پەرلەمانی باشووری کوردستان و نە سوپای کوردستان و نە فیدرالی کودستان، لە لایەن وڵاتانی دراوسێ و بیانی و هەتا عێراقیشەوە، یاسایین و (ئعتراف) پێیان نەکراوە. هەر لە بەر ئەو نایاسیی بوونەی دەزگاکانی دەسەڵات لە باشووری کوردستان، پارتەکانی کوردستان و جەماوەری خەڵکی کوردستان ناتوانن بڵێن دەسکەوتێکمان هەیە. لە ڕۆی قانونیەوە پەیوەندی کوردستان لە گەڵ عێراق تاوەکوو ئێستادەسنیشان نەکراوە. لە دوای ڕۆخانی سەددام و کەوتنی عێراق بۆ ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، ئەو کاتە دیار بۆ کوردستان لە ڕۆی یاسایی یەوە لە چ قۆناغێک و قەیران دایە. هەموو ئەو دەزگا حکومی و کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی دامەراون لە نێوان ئەو دە ساڵەدا، دەبێت حکومەتی بەغدا ئیعتراف پیان بکات ئەو کاتە دەبن بە دەزگای ڕەسمی و شەرعی و یاسایی.

ئەگەر پارتە کوردستانیەکان بە تەواوەتی باوەڕیان بەوە هەبێت کەوا گەلی کوردستان چارەنووسی خۆی دەستنیشان دەکات و بڕیار لە سەری دەدات، ئەوە نابێ چاوەڕێی ئیعترافی بەغدا بن و بەراشکاوی بڵێن پەرلەمان و فیدرالیزم دوو بڕیاری نەگۆڕی گەلی کوردستانن و لە هەلبژاردنێکی گشتیدا پەسەند کراون، بۆیە کەس ناتوانێ لەناو ببات و تەنیا گەلی کوردستان مافی دەنگدانی هەیە لە سەریان. پارتە کوردستانیەکان پێیان وایە لە ڕۆی یاساییەوە ئەم کارە پێویستە بکرێت. ئەمە بۆچوونێکی ئەو پارتانەیە و لەوانەیە گەلی کوردستان ڕازی نەبێت لە سەر ئەم بۆچوونەی پارتەکان. چوون پارتەکان دەزانن گەلی کوردسان ڕازی نیە خەڵکی عەرەبستانی عێراق چارەنووسیان دەستنیشان بکات؟ ئەمە کاری میدیای کوردستانە پەیوەندی بە جەماوەرەوە بکات و بیروڕاکانیان بخاتە ڕۆ.

گەلی باشووری کوردستان چارەنووسی دیار نیە و نازانێ داوای چ جۆرە فیدرالی دەکات. ئایە ئەو پاشەڕۆژی خۆی دەستنیشان دەکات یان گەلانی عێراق بە گشتی؟ هەروەها گەلی کوردستان نازانێ گەلانی تری عێراق و پارتە سیاسیەکانی عەرەبستانی عێراق، ڕازین لە سەر فیدرالیزم یان نە و ئەگەر ڕازی بن چ جۆرە فیدرالی دەبێت. تاوەکر ئێستا هەندێ لە پارتەکانی عەرەبستانی عێراق، باسی فیدرالیەت دەکەن بۆ گشت عێراق. پاچەچی لە تەلاری پەرلەمانی باشووری کوردستان وتی، من لەگەڵ فیدرالیم بۆ عێراق، بەڵام جێگرەکەی لە بەغدا وتی هێشتا بڕیارمان نەداوە لە سەر فیدرالی. ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کە گەورەترین پارتی شیعی ئیسلامیە، باسی فیدرالی ئیداری دەکات. تەنیا پارتی کۆمۆنیستی عێراق/کوردستان و کەسی ئەحمەد چەلەبی تا ڕادەیەک هەڵوێستی ئاشکرایان هەیە، بەشی هەرە گەورەی پارتەکانی تر بێدەنگیان هەڵبژاردوە.

چۆن گەلی کوردستان بۆچوونی ئەو پارتە عەربیانە دەزانێت، تاوەکۆ دڵنیابێت لە چارەنووسی خۆی و کار و خەبات بۆی بکات؟ ئەوە کاری میدیای کوردستانە. کاری کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستانە. کاری ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی کوردی و کوردستانیە. دەبێ نوێنەری کەناڵەئاسمانیەکان چاوپێکەوتن لە گەڵ سیاسەتمەدارانی ئیسلامی و نەتەوەیی و چەپ و کۆمۆنیستی عەرەبستانی عێراق و تورکمان و سریانی بکەن. شارەزایانە بۆچوونیان داوابکەن. سیاسەتمەدارانی عێراقی کە دێنە کوردستان قسەیەک دەڵێن و لە بەغدا قسەیەکی تر دەکەن. با لە جیاتی گۆرانیەکانی حسێن نعمە و کاظم الساهر و سعدون جابر، بەرنامەی سوودمەند بەم چەشنە بڵاوبکەنەوە. ئەرکی میدیای کوردستانە ڕای گشت خەڵکی عێراق دەربارەی چارەنووسی کوردستان بۆ کورد ئاشکرا بکات. ڕای ئەوانەی دژی فیدرالیزمن گرنگی پێیان بدرێت. بەداخەوە تاوەکوو ئێستا ڕاگەیاندنی کوردستان بەو ئەرکە هەڵنەساوە وەک پێویست و زیاتر باسی ڕای پارتەکانیان دەکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.